زنجیرەی چاوەلانی پێغەمبەر

(١٨)

زەیدی کوڕی حارثە

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

حبیب محمد سعید

سالی ١٤٠٦ك

منتدى إقرأ الثقافي

زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر
(١٨)

زەیدی کوڕی حارثە

حبيب محمد سعيد

چاپخانەی ئیرشاد ـ بەغداد
ساڵی ١٤٠٦ك

بسم الله الرحمن الرحيم

ئازیزه کانم ، ئـەی هاوەڵه شیرینه‌کانی پێغەمبەری خــوا ..

سەلامێکی گەرم و گوڕتان پێشکەش ئەکەم .

کاتێ که چمکێ لـه ژیانی هەرکامتان شـــارەزا ئەبم ، زیاتر گەورەیی ئیسلامم بۆ دەرئەکەوێ ، کەوا ئێوەی مەرد و قارەمانی پەروەردە کردووە .. بۆیــه شانازیی پێوه ئەکەم ـ بــه پێی توانــا ـ ژیانتان پێشکەش بکەم به موسڵمانان ، تا بەشکوم ـ به کۆمەکیی خــوا ـ بتوانــن موســـڵمان و نەفام جیا بکەنــەوه و ئیتــر بــا چاوبەستکردن بەس بێ و کەم شیری بێ هــەوێن بنێن ..

پێشکەش

پێشکەش بێت :

● بەو موسڵمانانەی کە لە وەزعي ئەمڕۆی خۆیان و ئاینەکەیان شارەزان و بەو پێیەش دەستیان داوەتە هەوڵ و کۆشش بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای « لا اله الا اللـه » •

● بـەوانـەیش کە ئامادەن گوێ لـە دەنـگی ڕاستەقینەی مێژوو بگرن ، تا بزانن کێ بـە ڕاستیی ، بێ فێڵ و دەسـتبڕین ، خزمـەتی گـرۆی ئادەمیی کـردووە ••

پێشەکیی

الحمـد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سـيد المرسلين محمد وآله وصحبه اجمعين .

تەنها ئیسلام رزگارکەرە .. بەرزیی و پایەداریی هەردوو جیهان تەنها لای ئیسلام دەست ئەکەوێ .. هەموو رێبازێ گاڵە و قسـە و هاش و لووشی چـەند رۆژێکـە ، دێت و دەڕوا ، ئـەنجامـەکـەشی بۆش و بێ‌مایەیە ..

ئەوانەی دڵ بەو رێبازانە خۆش ئەکەن ، مێشکیان بچووك و بیریان تەسك و چاویان کەم بینایە . توانایان نیـە لـە رێگای سەرفرازیی تـێ بگەن .. چـەندێ گەورە و ناودار بن ، بەم بیروهەستەیان ، ئینجا زیاتـر بچووك ئەبنەوە ..

چەندێ هـەڵمەت بۆ پێشـەوە بەرن ، لە سایەی نەفامیدا ، ئینجا بەرەو دواوە پێیان ئەخلیسکێ ..

بەڵام مرۆڤە دڵپاکە خواپێداوەکان ، رەحمەت

و ســـۆزی بە لێشــاوی خوایــان بە سەرا ئەڕژێ ..
بەرنامەی خوا ، بە شێوەیەکی ناوازە دەستی یارمەتییان بۆ درێژ ئەکا و پەروەردەیەکی تێرو تەواویان ئەکا و بۆ رزگاریی ئادەمییەکان ئەیان خاتە کار ..

نامیلکــەی ئــەمجارەمــان کورتەیــەکی ژیانــی ئادەمییەکە کە ئیسلام گەیشــتە فریــای ، هــــەروەك گەیشتۆتە فریای ملیۆنەهای وەهــا ، تا لــە نــەفــامیی رزگاری کا و دڵە ئامادەکەی لە نووری قورئان پڕ کـا و ببێتە هەڵگری رێگای هیدایەت بۆ ناسینی خـــوای گــەورە ..

نووسەر
سیروان
١٤ی/صەفەر/١٤٠٦

یاسای نەفامیی

هەر کاتێ نەفامیی باڵی رەشی کێشا بە سەر ژیانی ئادەمیزادا ، هیـچ شتێ لە شـوێنی خـۆیا نامێنێتەوە •• هەموو کاروبارێ تێك ئەچێ •• هەموو خراپە و تاوانێك لـە دەستی ئادەمیزادی ستەمکار ئەوەشێتەوە ، زۆریش لـە نارەوا ئـەچەوسێنرێتـەوە •• مرۆڤ ویژدان و غیرەتـی بەنـج ئەبێ •• تەنهـا بیـر لـە رابواردن و دەسترۆیشتنێکی ئاژەڵیی و دڕندانە ئەکاتەوە •

ئەو کاتەی کـە هێشـتا قورئانی پیـرۆز نەهاتبوە خوارەوە نەفامیی گەیشـتبووە چڵەپۆپە •• سـەراپای سەرزەویی پڕ بوو لـە ستەم و جەور بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی کورت •• بە تایبەتیی دوورگەی عـەرەبیی کە یاســای خێڵایـەتیی و رەگـەزپەرستیی دەورێـکی دڕندانەیان ئەبینیی •• یاسـای « أنصـر أخاك ظالماً أو مظلوماً ، واتە : پشتگیری براکەت بە ئیتر سا ستەمکار بێت یان ستەملێکراو » هەموو مێشکێکی پڕ کرد بووە••

هەموو بیر و هەستێکی خەڵکەکە بۆ ئـەوە بوو چـۆن هۆزەکەی خۆی سەرخات و بە رەوا و ناڕەوا بەرگریی لێ بکا ..

ئەوە بوو جارێکیان هەندێ لـە هۆزی نـەوەی قەین کتوپڕ دایان بە سـەر هۆزی نەوەی مەعن‌دا و شمشێریان خستە گەردنی ئـەو خەڵکەوە بێ ئـەوەی ئاگادار بکرێن و رەنگە هۆیەکی ئەوتۆیشی نەبووبێ .. دوای دەست وەشاندن دەستیان کـردە تاڵان و بڕۆ و هەرچییان بەردەست کەوت لە ئاژەڵ و وشتر دایانە بەر و ژن و منالیشیان بە دیل گرت و کردنیانـە کۆیلـە و بەندە ..

بەو هەڵمەتە هۆزی مەعن زیانێکی زۆری لـێ کەوت ، لە کاتێکا ژیان و گوزەران و ئاژەڵ و بەروبووم بەو ئاسانییە دەست نەئەکەوت .. بەڵام مێشکی نەفامیی نـە سۆزی تیایە و نە بەزەیی ..

ئەم رووداوە لـە کاتێکا بوو کە سـوعدای کچی

ئەعلەبەی خێزانی حاریثەی کەعبیی بە خۆی و زەیدی کوڕیەوە هاتبووە ناو خزمەکانی لـە نەوەی مەعـن بۆ سەردان و چاوپێکەوتنی خزم و خوێش ••

جا یەکێ لەوانەی بە دیل کەوتە دەست نـەوەی قەین زەیدی کوڕی حاریثە بوو ، ئەویشیان دایە بـەر و بردیان ••

زەید لەو کاتەدا منداڵێـکی بچـووك بوو • تـازە تەمەنی بەرەو هەشت ساڵیی خۆی ئەکوتـا ••

بە پێی یاسای نەفامیی سـەربەستیی زەید زەوت کـرا ، بێ ئەوەی هیچ تاوانێکی کردبێت و بێ ئەوەی ئاگای لـە هیچ جەنگ و دوژمنایەتییەك بێت •• بەڵام نەفامیی وەك شێت وایە قسەی لەگەڵ ناکرێ و هیچیشی لـێ ناگیـرێ •• نەفـامیی زۆر لای ئاسـایە هەموو هەنگاوێك بگیرێتە بەر ، ئـەگـەرچی دەرهـەق بـە بێتاوانانیش بێت ، بەو مەرجەی بەرژەوەندیی تیا بێت••

زەیدی کوڕەی بێتاوان ـ وەك چەندەها مرۆڤی تـر ـ بەرەو بـازاڕی عوکاظ خرایـە ڕێ •• لـەوێ

مامەڵەی خرایە سەر و فرۆشرا •• بە ناڕەوا کرایـــە بەندە•• لە دایك و باوکی سەنرا و کرایە خزمەتکاری ماڵان •• دایکی داماوی ، کوڕی خۆشەویستی لـێ سەنرا و بە دەستی خاڵیی و هەناسەی ساردەوە گەڕایەوە ماڵـەوە ••

لەو لاوە دەوڵەمەندێکی قوڕەیشیی ، کـە ناوی حـەکیمی کـوڕی حـەزامی کوڕی خووەیلیـد بوو ، زەیدی کڕیی بە چوارصەد درهەم •• نەك تەنها زەید ، بەڵکو چەند مناڵێکی لەو بەندانەی کڕیی و هێنانیەوە بۆ مەککە •

کاتێ کـە خـەدیجەی کچی خووەیلیـد لـــە گەڕانەوەی حەکیمی برازای ئاگادار بوو ، ڕۆیشت بۆ لای بۆ بەخێرهاتنەوە کردنی ، ئەویش لە جیاتی دیاریی و پێشکەشیی بە پووری وت :

پووریێ گیان ، لە بازاڕی عوکاظ چەند مناڵێکم کڕیوە ، جا بزانە کامیانت بە دڵە لە ناویانا هەڵی بژێرە و پێشکەشت بێت ••

خەدیجەی ژیر و سەلیقەدار بە جوانیی لە منالەکان ورد بوویەوە تا بەندەیەکی زیرەکیان لێ هەڵ بژێرێ •• دوای سەرنجدان زەیدی کوڕی حاریثەی هەڵ بژارد ، چونکە بە شێوە لە بەندەیەکی زیر و زیرەك ئەچوو •• حەکیمیش رەزامەندیی خۆی دەربڕیی و زەیدی خستە گەڵ خەدیجە و ئەویش بردیەوە ماڵەوە ••

خوای گەورە رۆژی بە خەیری لە زەید کردەوە ، هەر وەك لە دایك و باوکی سەنرا ، گەیاندیە دەستێکی پڕ لە سۆز و بەزەیی ••

خەدیجە ئافرەتێکی دامەزراو و پڕ دانایەتیی بوو •• قورس و سەنگین بوو •• خاوەنی سامان و دارایی بوو •• خاوەنی رێز و پایەیەکی بێ ئەندازە بوو لە نێو قورەیشا ••

دوای ئەوە زۆری پێ نەچوو خەدیجە شووی کرد بە سەرداری مرۆڤایەتیی •• بە خۆشەویستی

خـوا •• بە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا ـ صلی الله علیە وسلم ـ دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت لە رەوشت و خووی پیاوانەدا هاوتای نیە و سەرزەویی پیـاوی وەکو ئەوی بە خۆیەوە نەدیوە و نایش‌بینێ ••

جا دوای گواستنەوە و دامەزران ویستی خەڵاتێکی زۆر بەنرخ و بەها پێشکەش بە مێردی خۆشەویستی بـکا ••

جا هەرچـەندە خـەدیجە خـاوەنی سـامان و دارایيەکی زۆر بوو و ئەی‌توانیی چاکترین دیاریـی پەیدا بـکا بۆی ، بەڵام بڕیاری هاتە سەر ئەوە هیـچ خەڵات و دیاریەکی دەست ناکەوێ وەك زەیدی ئازیز و رەوشت بەرز •• بۆیە پێشکەشی کرد ••

جارێـکی تر خـوا دەرووی لـە زەیدی بەنـدە کردەوە • جاران تەنها لە سایەی سۆز و میهرەبـانیی خەدیجەدا ئەژیا ، کە زۆر لە دایکی زیاتر دڵی پێی ئەحەسایەوە •• وا ئێستا کەوتە سایە و سێبەری سۆز

و میهرەبانیی موحەممەدی یەکەم پیاوی مرۆڤایەتیەوە، کە چەندان قات زیاتر جێگەی باوکی بۆ گرتبوویەوە، بگرە بە هیچ شێوەیەك هەستی بە بێ کەسیی و بە دووریی کەس و کار و خزمەکانی نەئەکرد ..

زەید کەوتە خۆشیی و شادمانییەوە .. لەو پەڕی بەختەوەریی و کامەرانییدا ژیانی ئەدایە سەر .. هەرگیز نە خۆی و نە خاوەن ماڵ حیسابی بەندەیەتیان بۆ نەئەکرد .. لەوپەڕی ناز و نیعمەتا ژیانی ئەدایە سەر .. ئەمەش لە کاتێکا بوو کە هێشتا قورئانی پیرۆز نەهاتبووە خوارەوە سەر موحەممەدی پێشەوامان – صلی الله علیه وسلم – .

بەڵێ ، زەید لەوپەڕی خۆشییدا ئەژیا ، بەڵام دایکی جگەرسووتاو و کۆستکەوتووی بەمەی نەئەزانی .. هەمیشە خەریکی گریە و فرمێسك ڕێژان بوو بە دوایا .. خەو و حەسانەوەی لا هەڵ گیرا بوو .. هەناسەی بە دوای زەیدی جگەرگۆشەیا هەڵ

ئەكێشا •• نەیئەزانی دەستی کێ کەوتووە و چ ماڵێ مەنزڵی شەو و ڕۆژیەتی ••

ئـای کـە دایـك و بـاوك و خوشـك و برا و کەس‌وکار فرمێسـك ئـەڕێژن بە دوای ئەو هـەمووە جگەرگۆشە و خۆشەویستانەیانا کە یاسـای نەفامیی بە ناڕەوا دووریان ئەخاتەوە و سـەرنگونیان ئەکات ، بێ ئەوەی ئاواتێکیان لە دەست دا کەوتبێ !!

بەڵێ ، دایکی زەید نەی ئەزانی کوڕەی ئازیزی لـە کوێیە ؟ نەی ئەزانی ، ئایا زیندووە و بە تەمای بێ، وە یـا مردووە و دەستی لێ بشوا !

بەڵام هەژارە چی بکا ؟ بۆ کوێ بڕوا ؟ چی بکا لە بیابانی دوورگەی عەرەبیی و چۆن هـەواڵی بزانێ ؟ هیچ چارەیەکی نەبوو جگە لەوەی خەو و خۆراسـی لا هەڵ گیرا بوو و فرمێسکی وشك نەئەبوویەوە ••

باوکیشی پیاوانە نەیئەتوانی پێی بخاتـە ژێـری و بە هەموو لایەکا ئەسـووڕایەوە و هـەواڵی زەیدی

جگەر گۆشـــەی ئـەپرسی •• لـەگەڵ ئەم هـەوو
ماندووبون و گەڕان و پرسیارانەدا ، ئەویش فرمێسکی
ڕشـــك نەئـەبوویەوە •• جا هـەر کەسێ بـەم
تالی کردنەوەیەدا تێپەڕی نەکردبێ ، نازانێ هـەواڵ
نەزانینی کۆرپەی ئاوا چەند زەحمەتە •• داخۆ چەنـد
کەس بەو مەراقەوە سەریان نایێتەوە و بەیەك گەیشتنی
کەوتبێتە قیامەت؟ هەر کەسیش دڵی بداتێ بەش بە حاڵی
خۆی هەناوی دێتە ئێش !
حاریثە زۆر شوێن گەڕا •• زۆر ماندوو بوو ،
تا لـە ماندووبوون و خەفەتخواردنیـا ئەم هـەڵبەستە
دڵتەزێنە کاریگەرەی وت :
بكيتُ على زيدٍ ولم أدرِ ما فعلْ
أحيٌ فيرجى أم أتى دونَهُ الأجَلْ ؟
فواللهِ ما أدري واني لسـائِلْ
أغالكَ بعديَ السهلُ أم غالكَ الجَبلْ
تُذَكّرُنيهِ الشمسُ عند طلوعها
وتعرضُ ذكراهُ اذا غربُها أفلْ

سَأَعمِلُ نَصَّ العِيسِ فِي الأَرضِ جاهداً
ولا أسأَمُ التَطواف أو تسأَمَ الابلُ
حيــاتيَ ، أو تأتي علىَّ منيَّتي
فكلُّ امرىءٍ فانٍ وان غرَّهُ الأَمَلُ

حاریثه دەری ئەبڕێ کەوا زۆر گریاوە بە شوێن زەیدا و سەرسام ماوە داخۆ ئایا زیندوو بێ یا کۆتایی بــە تەمەنی هاتووە ، داخۆ ئایا ئێستە لە کوێ بێ ؟ لــە دەشت ، لە شاخ ؟ هەرچی خۆر هەڵ دێت ، چونــکە زەیدی کۆرپەی خۆری ژیان و رۆشنایی چاوەکــانی بووە ، ئەوی بیر ئەکەوێتەوە ، تــا کە ئاوا ئەبێ ، لــە بیری ئەچێتەوە .. ئینجا بڕیاری کۆڵنەدان ئەدا لــە گەڕان بە شوێنیا و دەری ئەبڕێ یا ئەبێ زەیدی مایەی ژیانی دەست کەوێتەوە، یان لەو پێناوەدا تەمەنی تەواو کا و سەر بنێتەوە . خۆ دیاریشە هەموو کەسێ هــەر ئەبێ بمرێ ، بەڵام کوێر تا ماوە بە تەمای دوو چاوی ساغە..

حاریشــە دەری بڕیی چــۆن جگەری کڵبــەی

سەندووە بۆ کوڕەکـەی و تا هـەواڵی نەزانێ دڵـی دانامرکێتەوە •• جا خۆ وە نەبێ تەنها جەرگی حاریثە بەم شێوەیە بڕڕا بێ•• هەموو ڕۆژێ لەم سەرزەوییەدا هەزارەها ، بەڵکو ملیۆنەها باوك ئا بەو شـــێوەیە بە دەست کاری ناهەمواری نەفامییەوە ئەناڵێنن •• کـە سایە و سێبەری بەرنامەی قورئان دەست نەکەوت کەس ناحەسێتەوە !

بەم بۆنەوە پێویستە موسـڵمانانی ئەم سەردەمەش چاك بزانن نەفامانی سەرزەویی بەوپەڕی بێویژدانیی و بێبەزەییەوە دژی ئیسلام و موسڵمانەکان وەستاون••

جا پێویستە بەم زانینە بڕیاری خۆیان یەكلا بکەنەوە :

ئەگەر شوێنی ئیسلام بکەون ئەوەتا دژایەتیی و بلانی کافران لەوپەڕی پلەدایە ••

خۆ ئەگەر وازی لێ بێنن و ئاڵای نۆکـــەریی هەڵ کەن ، وە نەبێ دوژمن بێتە دۆست و دەســـتی

یارمەتیی و خۆشەویستیی بۆ جیهانی چەوساوە درێژ کا .. بەڵکو ئەبینین چەند صەدەیەکە ناوچە جۆر بە جۆرەکانی جیهانی ئیسلامیی وان لە ژێر چنگی کافراندا و بە دوژمنایەتیی و وێرانکاریی بەو لاوە بە هیچی تر هەڵ نەساون .. هەموو مەبەستێکیان لەناوبرنی موسڵمانەکانە چ خۆیان و چ سامان و خێر و بێری وڵاتانیان .. رەنگە هەندێکیش بە خەیاڵی خۆیان زیانیان وە دەست هێنابێ .. بەڵام داماوانە نازانن زیانی نۆکەریی و چاوشۆریی و جاسووسیی و میللەتفرۆشتن زیان نیە و رۆژ بە رۆژ گەلانی موسڵمان زیاتر پەشێوحاڵ ئەبن ..

کەواتە کافرانی سەرزەویی نیازیان ئەوەیە هەرچی رۆڵەی موسڵمان هەیە سەرگەردان و بێئەنجام بن و خاکی ئیسلامیش وێرانە بێت .. جا کە موسڵمانان ئەمەیان بۆ دەر کەوت کە : دوژمن هەر دوژمنە و نیازی گڵاوی دەرهەق بە موسڵمانان ناگۆڕێ ، چاك وایە هێزی خوای گەورە لە خۆیان نەکەن و باڵی پێوە

ـدەن و بۆ رزگارکردنی خۆیان و بەرەکانی دواوەیان، هەروەها بۆ رزگارکردنی ئادەمیەکانی تر ، دەست بەرن بە قورئانی پیرۆزەوە ، مەرگ بە مەردایەتیی چاکترە تا بە سەرشۆڕیی .. ئازایەتیی و گرتنی ڕێگای راست هێزی خوای لەگەڵایە و سەرکەوتنی هەردوو جیهان پادشایەتی ، بەڵام نۆکەریی و چاوشۆڕیی و شوێنکەوتنی کافران ، خەشمی خوای بە دواوەیە و خەجاڵەتیی و ڕەنگزەردیی هەردوو جیهان سزایەتی ..

بەدیدار شادبوون

حاریثە و ژنەکەی و کەس‌وکاریان لە دووریی زەیدەوە ئەتلانەوە خەفەتی بێ‌ئەنجامیان ئەخوارد ‥ تا ئەوە بوو هەندێ لە پیاوانی هۆزەکەی زەید ، بە نیازی حەج‌کردنی سەردەمی نەفامییەوە ڕێیان کەوتە مەککە ‥ لە کاتێکا خەریکی تەوافی ماڵی پیرۆز بوون ، سەیریان کرد وا زەید هات بە پیریانەوە ، یەکتریان ناسییەوە ‥ دوای هەواڵپرسین و بەخێرهاتن بۆیان دەرکەوت زەید وا لە مەککەدا ‥

دوای تەواوکردنی کاروباری حەج بەرەو وڵاتی خۆیان گەڕانەوە و مژدەی چاوپێکەوتنی زەیدیان دا بە باوکی ‥

خۆشیی کەوتە دڵی حاریثەوە ‥ کەواتە زەیدی خۆشەویستی ماوە ‥ وا لە مەککەدا ‥ لە شاری پیرۆزدا ‥ لە پەنای کەعبەی پایەداردا ‥

وای بە چاك زانی بە زووترین کات لەگەڵ

کەعبی برایا بکەونە رێ و خۆیان بگەیەننە زەید .. بۆ ئەمەش ئەوەندەی کە پێویست بوو پارە و سامانی لەگەڵ خۆیا هێنا تا هەر چۆنی کردووە زەید لە دیلی و بەندایەتیی رزگار کا ..

بە پەلە بەرەو مەککە کەوتنە رێ ..

ئای کە گەشتێکی خۆش و بە تام بوو . گەشتی بیابانی چۆڵ و بێئاو زۆر مەینەتە .. بەڵام ئەم گەشتەی حاریثە وەك گەشتەکانی تری نەبوو کە بە شوێن زەیدا ئەگەڕا ..

کە گەیشتە مەککە ، هەواڵیان زانیی زەید وا لە ماڵی پیاوێك بە ناوی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا .. چوونە ماڵەوە لای پێیان وت :

ئەی کوڕی عەبدولموطەلیب ، ئێوە دراوسێی ماڵی خوان ، دیل رزگار ئەکەن و برسیی تێر ئەکەن و ئەگەنە فریای ستەملێکراو .. وا ئێمەش بە بۆنەی ئەو کوڕەمانەوە کە لاتانە هاتووینەتە خزمەتت و

چەندی پیویست بێت پارەمان لەگەڵ خۆمان هێناوە ، جا پیاوەتیمان لەگەڵا بکە و بە هەر چەندێ بووە بەری بدە بۆمان ..

فەرمووی :

ئەو کوڕەی کە مەبەستانە ، کێیە ؟

وتیان : زەیدی خزمەتگوزارت ..

فەرمووی : ئەی شتێکی ترتان ناوێ لەوە چاکتر بێت ؟

وتیان : کامەیە ئەو شتە ؟

فەرمووی : من زەیدتان بۆ بانگ ئەکەم ، جا ئێوەش پرسیاری لێ بکەن بزانن پێی خۆشە لای من بمێنێتەوە یان بێتەوە لەگەڵتانا .. خۆ ئەگەر ئێوەی هەڵ بژارد ئەوا بە بێ پارە پێشکەشتان بێت ، وە ئەگەر منیشی هەڵ بژارد ، منیش ئەو کاتە ، بە خوا ، هەرگیز دەست لە کەسێ هەڵ ناگرم کە منی هەڵ بژاردبێ ..

واتە : بەڵێ ئەو ئێستە بەندەی منە و ئەتوانم بێ پرسی خۆی بیفرۆشم ، بەڵام ئەو کە من هەڵ

بزێرێ هەرگیز دەست بەرداری نابم ••

خاوەنی دەروونی فراوان هەمیشە کاری پیاوانەی لێ ئەوەشێتەوە •

ئـەوانیش بەمـە زۆر پێخـۆشحـاڵ بوون و ڕەزامەندیی خۆیانیـان دەر بڕیی کە ئەمـە ئەوپەڕی ویژدانە و لەم ڕێگایەیش چاکتر نیە !

موحەممەدی خۆشەویستمان ـ صلی اللە علیـە وسلم ـ زەیدی بانگ کرد و فەرمووی : ئەمانە کێن ؟

وتی : ئەمە حاریثەی کوڕی شوراحیلی باوکمە و ئەمەش کەعبی مامەمە •

فەرمووی : خۆتم کردووە بە سەرپشك : ئەگەر بتەوێ ئەتوانی بڕۆیتەوە لە گەڵیانا ، وە ئەگەر بتەوێ ئەتوانی لای من بمێنیتەوە •

زەید ـ بە بێ هیچ وەستان و دوو دڵییەك ـ وتی: بەڵکو هەر لای جەنابت ئەمێنمەوە •

ئازیز و خۆشەویستم ئەی پێغەمبەری خـــوا ••

ئەی رۆشنایی چاوەکانمان •• ئەی پزیشك و دەرمانی دڵەکانمان •• ئەی فێنکیی و حەسانەوە و ساغیی لاشەکانمان •• رەوشتی بەرزت •• دەروونی فراوانت •• هەڵس و کەوتی پیاوانەت ، هەر کەسێ شارەزایان بێت ، ئەتوانێ لێت دوور کەوێتەوە ؟ تا تۆی بەڕێز و خۆشەویست بۆ کەسێ دەست بدەیت و بتوانێ لە خزمەتتا بمێنێتەوە ، کێ ئاوڕ بە لای دایك و باوکی خۆیەوە ئەداتەوە ؟ هەموو دایك و باوکێ بە قوربانت بن ••

زەید خۆی شایانە وا ماڵەکەت هەڵ بژێرراوە بۆی تا گەشتی زەمینیی بە سەری بەرزەوە تەواو کا و قیامەتیشی مسۆگەر کا ••

زەید خۆی خوایێداوە ، وا رێی لە ماڵەکەت کەوتووە ئەی سەرداری مرۆڤایەتیی •• ئیتر چۆن دڵی تاقەت ئەگرێ بە جێت بێڵێ ؟ چۆن ئەتوانێ بێ تۆ بژی ؟ چۆن بەرگە ئەگرێ ژیانی لە خزمەتتا تەواو نەکا ؟

خـۆزگـەم بـە زەید وارێـی لە تۆی بەڕێز و خۆشەویست کەوت •• چی بکا لـە دایـك و باوکێ نەزانن بۆ قیامەت پەروەردەی کەن و نەزانن هەڵس و کەوت و رەفتاری بەرز و پیرۆزی پیشان دەن ؟

بەڵێ ، زەیـد بڕیاری دا لە ماڵی موحـەممەدی ئازیزی دەر نەچێت ••

باوکی و مامەی سەرسام بوون •• زەید بۆچی وای بە سەر هاتووە ؟ باوکی بە سەرسوڕمانەوە پرسیی : تیاچیت زەید ، ئایا بەندایەتیی و خزمەت کاریت بـە لاوە چاکترە تا بگەڕێیتەوە ماڵەوە لای باوك و دایکت ؟!

وەڵامی دایەوە : من ئەوەندەم بەم پیاوەوە بینیوە، هەرگیز دەستبەرداری نابم و لێی جیا نابمەوە ••

تێی گەیاندن : ئەم کە لەم ماڵەدا ئەژیی ، بەندە و خزمەتگوزار نیە •• ئازی هـەیە •• خۆشـیی و کامەرانیی تەواوی دەست کەوتووە ••

رەفتاری شیرینی موحەممەد وەها دڵیان راکێشاوە هەرگیز ناتوانێ بە جێی بێڵێ •

زەید زۆر خۆشەویست بوو بە لای پێغەمبەرەوە ـ صلی الله علیه وسلم ـ •• خاوەنی ڕێز بوو ، بەڵام کە ئەمەیشی دەربڕی ئیتر یەکجار خۆشەویست و بەڕێز بوو ، بۆیە هێشتا باوکی و مامەی مەککەیان بە جێ نەهێشتبوو ، پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ دەستی گرت و بردی بۆ لای کەعبە و لە باڵی حیجردا وەستاندی و بە دیار کۆمەڵی قورەیشییەوە جاڕی دا و هەڕوژی :

ئەی کۆمەڵی قورەیش ، بە شاهید بن ئەمە کوڕمە کەلەپوورم ئەبا و کەلەپووری ئەبەم ••

بەم شێوەیە بڕیاری دا هەرگیز دەستبەرداری زەید نەبێت کوڕێتی و مەرجی کوڕایەتیی لە ـەلا بە کار بێنێ ••

باوك و مامەی زەید بە چاوی خۆیان ئەمەیان بە زەیدەوە بینی •• زۆر شادمان بوون بەو پایە و پلە بەرزەی کە زەیدی کوڕیان پێی گەیشتووە •• بەو ڕێزەی کە زەید لە لای موحەممەد بە دەستی هێناوە ••

بۆیە بە دڵی خۆش و شادمانەوە و بەوپەڕی بێخەمیەوە لــە مەککە لای موحەممەدی دەروون پاك بە جێیان هێشت و بەرەو ناوچەی خۆیان گەڕانەوە ..

حاریثە بەم شێوەیە گەڕایەوە ، بەڵام دوای بێخەم بوون لــە حاڵ و وەزعی زەید و ئۆخەی کرد کە قوڵاخی جگەر گۆشەکەی بە چاکترین شێوە کردوە .

ئیتر لەو رۆژەوە ناوی زەیدی کــوڕی حاریثــە گۆڕا و خەڵکیی بە ناوی زەیدی کوڕی موحەممەدەوە بانگیان لێ ئەکــرد .. تا ئەوە بوو پێغــەمبەری خــوا ـ صــلی اللــە علیــە وســلم ـ وەحی بۆ هــات و دوای کۆچ کردن بۆ مەدینە ، فەرمانی درا بە سەرا دەست لــە یاسای بەکوڕکردن هەڵ بگرێ و هەموو کەسێ بە ناوی باوکی خۆیەوە بانگی لێ بکرێ و کەسی تر نەی کا بــە کوڕی خۆی ، چونکە پەیوەندیی باوك و فرزەندایەتیی پەیوەندیی خوێن و پشــتە و ئــەو کوڕە بەشــێکە و پــارچەیەکە لە باوکەکەی . جا بــە دەم بەکوڕکــردن راست نیــە و ئەو پەیوەندییە دروست نابێت ، خــوای

گەورەش هەمیشە راستیی ئەفەرموێ و تەنها خۆی هیدایەتدەرە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای راست و ڕەوان ٠٠ ئەو ڕێگایەی کە نەهێڵێ مرۆڤ لە یاسای بوونەوەر بپچڕێ تا سەرگەردان و سەر لێ شێواو نەبێت ٠٠ بەڵێ ، خوای گەورە وا بە چاك ئەزانێ و ئەوەی بە لاوە دادپەروەرییە کەوا هەموو کوڕێ بە ناوی باوکی خۆیەوە بانگی لێ بکرێ ، تا باوك و فرزەند لە یەکتریی نەپچڕێن و ئەو کوڕە لە کەلەپووری باوکی خۆی بێبەش نەبێ و لە هەمان کاتا پەیوەندیی ئەندامانی خێزان نەپچڕێ و خێزانەکان لە رووخان و تیاچوون پارێزراو بن ، چونکە هەر کۆمەڵێ پارێزگاریی پایەی خێزانی نەکرد ، ئەو کۆمەڵە رۆژ بە رۆژ بەرەو لاوازیی و تیاچوون هەنگاو هەڵ ئەگرێت ٠٠ بەڵام خۆ ئەگەر هەندێ کەس هەبوون و باوکیان نەئەناسرا ئەوا با کۆمەڵی موسڵمان بە برای ئایینی و بەندە و خزمەتگوزار بانگیان لێ بکەن ٠٠ ئەوەتا قورئانی

پیرۆز لەو بارەوە ئەفەرموێ :

وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَاءَكُمْ أَبْنَاءَكُمْ ذَٰلِكُمْ قَوْلُكُم بِأَفْوَاهِكُمْ وَاللَّهُ يَقُولُ الْحَقَّ وَهُوَ يَهْدِي السَّبِيلَ ﴿٤﴾ ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ فَإِن لَّمْ تَعْلَمُوا آبَاءَهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ وَمَوَالِيكُمْ ﴿٥﴾ الأحزاب.

ئیتر ئەوە بوو خەڵکیی وازی لە ناوی زەیدی کوڕی موحەممەد هێنا و لە سەر فەرمانی قورئان بە ناوی باوکی خۆیەوە بانگیان لێ ئەکرد ••

خۆشەویستیی راستەقینە

زەیدی دڵپاك ، كاتێ كە دەستی لە دایك و باوكی خۆی هەڵ گرت و خەدیجە و موحەممەدی كردنە دایك و باوك ، نەیئەزانی تا چ ئەندازەیەك بەختەوەریی هەر دوو جیهانی دەست كەوتووە ..

نەی ئەزانی چ بەخششێكی گەورەی پێ بەخشراوە.

نەیئەزانی ئەو پیاوە بەڕێز و خۆشەویستەی كە ئەو هەڵی بژاردووە و بڕیاری داوە لە گەڵیا بژی و لە بەر خاتری خۆشەویستیی ئەو و نزیكیی لێیەوە دەستی لە هەموو كەس و كار و خزم و عەشرەتێكی هەڵ گرتووە، گەورە و سەرداری هەموو گرۆی ئادەمیە و ئەبێتە هەڵبژاردە و نێرراوی خوای گەورە بۆ سەر هەموو جیهان ..

نەی ئەزانی ئەوماڵەی كە ئەو بە جوانیی دڵی چۆتە سەر گوفتی شیرین و كرداری چاكی ، ئەبێتە تاقە مەڵبەندی بەخشان كردنی نوور و رۆشنایی تا

مرۆڤایەتیی لە تاریکیی دەربێنێ ..

نەی ئەزانی و نەخوریا بۆوە دڵیەوە لە دوا رۆژا دەوڵەتی داد و یەکسانیی ، بە فەرمانی ئیمان ، لە سەر زەویدا پایە دا ئەکوتێ و بە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا پەروباڵ بڵاو ئەکاتەوە ، تا ستەم و ناڕەوایــی لــە ریشکا دەر بێنێ و داد و یەکسانیی و برایەتیی و خۆشەویستیی لــە جێگەیا بڕوێنێ ..

هەرگیز بیری لەوە نەئەکردەوە یاســای خوایی بێتــە سەر زەویی و ئاڵو گۆڕێکی بنەڕەتیی لــە ژیانــی مرۆڤدا روو بدات و ئادەمیزاد ـ بە تەواوەتیی و بە پیاو و ئافرەت و ئازاد و بەندەوە ـ رزگار بکرێت ..

وە نەی‌ئەزانی ئەوی بەندە و خزمەتکاری ماڵان و فرۆشراوی بازاری عوکاظ ، یەکــەم پیــاوێ ئــەبێ شوێنی ڕێبازی خوا بکەوێ و ئەبێتە یەکەم خشــت لــە کۆشکی دەوڵەتی پڕ لە داد و یەکسانیی ئیسلامدا[1] ..

---

(١) بەڵێ ئەبوبەکر ـ خوا لێی رازیی بێت ـ بە یەکەم

نەی ئەزانی ئەو پیاوەی کە مافەکای زیانی زەوت کراون و کراوەتە بەندە و کۆیلە ، وە ئەو ئافرەتەی کە لە سەر زەویدا هیچ مافێکی بۆ دیاریی نەکرا بوو ، بە هەردوو کیانەوە یەکەم جار و پێش هەموو کەسێ ئیمان بە موحەممەدی سەردار و هەڵبژاردە و پێغەمبەری خوا ئەهێنن و ئەبنە پاڵپشتی ڕێگای ڕاست بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی قورئان ، دەوڵەتی سایە و سێبەر بۆ ئادەمیزاد، بە پیاو و ئافرەت و ئازاد و بەندە و هەژار و دەوڵەمەندەوە ..

بەڵێ ، زەید ئەمانەی نەئەزانی ، بەڵام سۆزی خوا ڕژا بە سەر کەسێکا ناوا بە لێشاو ئەی گرێتەوە

پیاوی موسڵمان ئەژمێررێ ، ئەمە لە چاو پیاوە ئازادەکانایە ، بەڵام ئەگەر بەندایەتیی و ئازادیی بخەینە ئەو لاوە ، ئەوا زەید لە پێشەوە موسڵمان بووە ، خۆ ئەگەر ئافرەت و پیاویش بخەینە ئەو لاوە ، ئەوا خەدیجە ــ خوا لێی ڕازیی بێت ــ یەکەم ئادەمییەکە بڕوای بە پێغەمبەری پێشەوا ــ صلی الله علیه وسلم ــ هێنا بێت ..

لـه بیابانێکی دوورەوە ئەیهێنن تا بگاتە ئەو ماڵەی کـە شـایانە تیایا پەروەردە بێ و دڵە پاکەکەی و ویژدانـە بزواوەکەی تیا بحەسێتەوە تا بەو دەورە گرنگە هەڵسێ کە لـە ترازووی خوادا بۆی نەخشە کێشراوە •• و تـا هەموو مرۆڤایەتیی بزانێ ئیسلامی بێگەرد مێشکی ساف و بیری تیژ و دڵی پاك و مەبەست و نیازی پیرۆز ێك نەداتەوە و بەو ترازووەش کێشانەی ئادەمیەکان ەکات و پلە و پایەیان بۆ دا ئەنێ ، نەك بە هیچ کێشانە و پێوانەیەکی تر ••

بەم شێوەیە زەیدی خۆشەویست لە باوك و دایکی وازی هێنا و دوای چەند ساڵێك وەحی ، لە ئاسمانەوە ، هاتە سەر پێغەمبەری نازدار ـ صلی الله علیه وسلم ـ •• ڕێبازی چاکویستان کەوتە کۆڕی ژیانەوە •• مرۆڤـی ەرد و قارەمانی ئەویست هەڵی گرێ • مرۆڤی دەست و دەم و دڵ و دەروون پاکی ئەویست پێشکەشی بکا بـە ڕۆڤایەتیی سەرگەردان و سەرلێشێواو ••

پێش هەموو کەس زەید هەڵمەتی دا .. ئیمانی هێنا .. دڵی سپی و پاك و خاوێنی پڕ کرد لە ئیمان .. لە رۆشنایی ئاینی بێگەرد .. دە با ملهوڕان چی ئەکەن بیکەن ، رێبازی خوا هەرچی کەسێ بەکەڵك و لێهاتوو بێ رای ئەکێشێ .. پەروەردەی ئەکات .. مێشکی زاخاو ئەدات ..

ئای کە سەربەرزیی بوو زەید دەستی نا بە رووی باوك و مامەیەوە و دەستی شۆرِیی لە هەموو کەس و کارێکی و کۆمەڵی ئیمانداری کردە کەس و کار و پشت و کۆمەکی خۆی ..

زەید دیار بوو لێهاتوو و زیرەك و ئازا و گورج و گۆڵ بوو .. بەوپەڕی متمانەوە ئیمانی هێنا .. ئیمانی هێنا بەو بەرنامە شیرینەی کە هاتبوویە سەر موحەممەدی سەردار و خۆشەویستی .. هەر تەنها ئەوەندە بەس بوو بۆ باوەڕکردن بەو رێبازە شیرینەی کە موحەممەدی راستگۆ و خاوەن سپاردە بڵاوی ئەکردەوە ..

زەید بووە جێی متمانەی پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ و ئاگاداری نهێنییەکانی بوو ، وە چەند جار بوو بووە سەرکردەی لەشکر و نێردراوەکانی ، وە یەکێ بوو لەو پیاوە لێهاتووە متمانەپێکراوانەی کە پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ ، دوای دەرچوونی لە مەدینە ، کاروباری شاری پێ ئەسپاردن .. دیارە ئەمانەش ئەوپەڕی ڕاستی و پاکیی و لێهاتی زەید دەر ئەخەن ..

جا هەروەك زەید پێغەمبەری خوای ـ صلی الله علیه وسلم ـ پڕ بە دڵ خۆش ئەویست و لە بەر خاتری ئەو دەستی لە دایك و باوك و کەس و کاری هەڵ گرت، هەروەها پێغەمبەریش ـ صلی الله علیه وسلم ـ ئەوی زۆر خۆش ئەویست و لە کرۆکی دڵیا جێی کردبۆوە، بە ڕادەیەك تێکەڵ بە ماڵ و منداڵی بوو .. هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ منداڵەکانیا .. هەر کاتێ دیار نەبوایە بێتاقەتی ئەبوو ، وە بە گەڕانەوەی دڵخۆش و شادمان ئەبوو ، وە بە شێوەیەك پێشوازیی لێ ئەکرد و

پێی نەگەیشت کەسی تر نەئەگەیشتە ئەو پلەیە ..

ئەوەتا خاتوو عائیشەی دایکی ئیمادارا‌ن ـ خوا لێی رازیی بێت ـ بۆ نموونە بۆمان ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ چەندە زەیدی بەلاوە بەرێز بووە و چەندە پێ‌خۆش حاڵ بووە پێی بگات: زەیدی کوڕی حاریثە گەڕایەوە بۆ مەدینە و پێغەمبەری خوایش ـ صلی الله علیه وسلم ـ لە ماڵی منا بوو ، زەید تەقەی دا لە دەرگا و پێغەمبەریش ـ صلی الله علیه وسلم ـ بە رووتیی هەڵسایەوە بۆ لای کە جگە لەوەندەی کە نێوان ناوک و ئەژنۆی داپۆشێ بەرگی تری لە بەرا نەبوو ، بەرە و دەرگا رۆیشت و کراسەکەی بە شوێنیا را ئەکێشا ، باوەشی پیا کرد و ماچی کرد ، دە بە خوا نە لەوە و پێش وە نە لەوە و پاش پێغەمبەری خوام ـ صلی الله علیه وسلم ـ بە رووتیی نەبینیوە ..

ئەمە ئەوپەڕی رێز و خۆش‌ویستن دەر ئەخات بۆ زەید ، بەڵام نەك هەر ئەمە بەڵکو ئەوەندە دەنگ

و باسی خۆشەویستی پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ بۆ زەید بڵاو بوو بە ناو موسـڵمانەکانا ، ناویان نا بوو « زید الحِب » زەیـدی خۆشـەویست » وە نازناوی « حِب رسول الله » یان پێوە نا بوو ، هەروەك ئوسامەی کوڕیشی نازناوی « حب رسول الله و ابن حبه » پێـوە نرا بوو ..

مرۆڤ کە دڵەکەی بە تەواوەتیی خاڵیی کرد لـە هەموو خۆشەویستیەك و پڕی کرد لە خۆشەویستیی باڵفتەی خوا و پێغەمبەرەکەی ئاوەها پایەدار ئەبێت .. ئـەو جۆرە سەنگین و قورس ئەبێت ..

دەست درێژیی ناڕەوا

ماوەی مەککە بە دەرد و مەینەت و ئێش و ئازاریەوە ، بە کۆمەکیی خوا ، لە موسڵمانەکان ڕۆیشت و کۆچیان کرد بۆ مەدینە و دەوڵەتی قورئانیان بەرپا کرد .. بەڵام لە هەموو لاوە خوانەناسان ڕم و شیریان بەرز کردەوە بۆ تۆقاندن و لەناوبردنی موسڵمانەکان.. بە تایبەتیی تا ساڵی پێنجەمی کۆچیی موسڵمانەکان بە سێ دوژمنی سەرەکیی ناو دوورگەوە پەشۆکا بوون :

یەکەم : قورەیش لە لای باشوورەوە . دووەم غەطەفان و هۆزە بڕەترسییەکانی نەجد کە پێوەی ئاڵا بوون لە لای خۆرهەڵاتەوە . وە سێیەم جوولەکەی خەیبەر لە باکووری خۆرهەڵاتەوە .

بەڵام دوای سەرکەوتنە مێژوویەکەی خەندەق ، کە ئەوپەڕی ئیماندامەرزاویی و دانبەخۆداگرتن و کۆڵنەدان و لێبڕانی سەربازگەی ئیسلامیی دەرخست،

پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ هەمنی کرد، هەرزەها دوژمنەکانیش هەستیان کرد ، ئەوا ئیسلام سوپاس بۆ خوا ـ وا بە قووڵی لە خاکی دوورگەدا ریشەی دا ئەکوتێ ، وە ئیتر لەمەولا لەشکری ئیسلام لە هیچ هێزێك سڵ ناکاتەوە و تازە لە توانای هیچ هێزێکا نیە لە بەردەم موسڵمانەکانا خۆی بگرێ .. ئا ئەوە بوو پەیمانی حودەیبییەش لەگەڵ قورەیشا بەسترا ..

پەیمانی حودەیبییە سەرکەوتنێکی سیاسیی گەورە بوو بۆ موسڵمانەکان کە ئەمە هەندێك لە بەرهەمەکانیەتی :

١ ـ دانانان بوو لە لایەن قورەیشەوە بە بوونی سیاسیی موسڵمانەکان کە ئەمە یەکەم جار بوو قورەیشی یەکەم و گەورەترین دوژمن بەم کارە هەڵسێ .. چونکە قورەیش لەوە و پێش وای دا ئەنا موسڵمانەکان دەستەیەکن لە فەرمانی قورەیش یاخیی بوون .

٢ ـ ماوە درا بە موسڵمانەکان تا پەیمان لەگەڵ

چەند هۆزێکدا ببەستن کە لەوە و پێش ئەو هۆزانە لە ڕسی قوڕەیش نەیان ئەوێرا بەو کارە هەڵسن ..
ئەمەش بووە هۆی بەهێزبوونی موسڵمانەکان و کەم بوونەوەی دوژمنەکانیان •

٣ ـ تێکدانی یەکێتیی قوڕەیش و جوولەکە هاوپەیمانەکانی لە خەیبەر کە هەمیشە خەریکی هەڵنانی عەرەبە بتپەرستەکان بوون دژی موسڵمانەکان •

٤ ـ دامەزراویەکی بەخشیی بە موسڵمانەکان تا ماوەی گەیاندنی ئیسلامیان هەبێ •

٥ ـ خەڵکیی ستەمکاریی و لاریی قوڕەیشیان بینی کە دژی کۆمەڵێکی ئاشتیی‌خواز وەستاوە ، کە نیازی ڕێزگرتنی ماڵی خوایان هەیە !

٦ ـ پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ ئاوڕی دایەوە بە لای پاشا و ئەمیرەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە ، تا دەنگی راستیان بە گوێدا بدا و بانگیان

کا بۆ سەر ڕێبازی ئیسلام و لە دەوری هێزی بەرەسەندووی ئیسلام جەم بن و بە خزمەتکردنی ئاینی خوا لە هەردوو ژیاندا بەهرەمەند بن .

٧ ـ لە هەمان کاتا و پێش هەموو شتێك پێغەمبەری سەرکردە ـ صلى الله عليه وسلم ـ هەڵمەتی شێرانەی بردە سەر هێزی شێرپەنجەی جوولەکەی خەیبەر ، تا دەستکۆتایان بکا لە دژایەتیی ئاینی خوا و کۆمەڵی ئیماندار ، کە ئەوان لە هەموو کەس زیاتر لە ڕاستیی ئەم ئاینە بێگەردە شارەزا بوون و ئەبوایە پێش هەموانیش ئیمانیان بێنایە ..

٨ ـ ئاوڕدانەوەیەك بە لای دەوڵەتی ڕۆمانیی پڕمەترسییەوە و ئامۆژگاریەکی کرداریی بکرێت تا تاوس ئاسایی خۆی گیف نەکا و نەنازێ بە دەوڵەتی بەهێز و لەشکری زۆر و زەبەندەیدا و با چاك بزانێ لەشکری ئیسلامیی کەم و کەم تفاق خوای لە گەڵە و بە هێزی ئیمان جەنگ ئەکا و لە پێناوی ئیسلامدا مردنی

زیاتر لا مەبەستە تا ژیان ، لە بەر ئەوە هێز نیە چــاری بــکا ..

ئەمەش دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیە وسلم ـ بە شێوەیەکی ئاشتیی‌خوازانــە و بەزەیی پڕی ڕێزەوە نامەی نارد بۆ پاشا و میران تا لە بانگی خــوا ، بە خۆیان و گەلەکانیانەوە ، ئاگادار بکرێن و شەرمەزاریی قیامەتیان بە سەرا نەیێ و موسڵمان بین وە یــا ئەگــەر نەبوون بیانوویان نەمێنێ .

ئەوە بوو لە مانگی ڕەبیعی یەکەمی سای هەشتەمی کۆچیدا پێغەمبەری خوا ـ صلی اللــە علیــە وســلم ـ کەعبی کوڕی عومەیری ئەزدیی لەگــەڵ چـــواردە موسڵمانی ترا بەرەو غوور نارد تا گەیشتنە «ذات اطلاح» لــە خاکی شام ، کە ماوەی شەش‌صەد میل زیاتر ئەبوو و ئەکەوتە بولقاء کەوا حاریثی کوڕی ئەبووشەمەری غەســـــانیی بــە نــاوی ئیمپــراتۆریەتی ڕۆمانییـــەوە فەرمان‌ڕەوایی ئەکرد .. ئەوەی کە زیاتر دێتە بەر بیر

ئەرکی سەرشانی ئەم دەستە موسلمانانە بلاوکردنەوە و گەیاندنی ئیسلام بوو ، بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە ، بەو مەرجەی خۆیان بگەیەننە خاکی شام .. چونکە دیارە ئاگادارکردنی ئادەمیەکان لە ئاینی پاکی خــوا ، ئەرکی سەرشانی هەموو موسڵمانێکە ، ئەگەرچی هەموو جۆرە ســزا و مەینەت و چەرمەسەرییەکی بێتە بەر دەم ..

کاتــێ دەســتە موســڵمانەکـە گەیشـتنە ئەوێ ، کۆمەڵێکی زۆر لە عەرەبە گاورەکانی غەسساسینە ـ کە هەموویان ئەسپسوار بوون ـ هەڵمەتیان بۆ هێنان و لــە ناخلۆفــا دایان بە سەریانــا .. هــاوەڵان ناچــار بوون بــەرگری لــە خۆیــان بکەن و بچن بــە گژیانا ، تــا سەرەنجام چواردەیان بە شەهیدی سەریان نایەوە و جگە لــە زامدارێکیان ، کە لە کاتی تاریکیی شەودا خۆی رزگار کرد و بە هــەرحاڵ بە زامەکــەیەوە خــۆی گەیاندەوە مەدینە و هەواڵەکەی دا بە پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ ، کەسیان دەر نەچوو . ئەمەش لــە

وەڵامی ئەو بانگە بێگەردەدا کە بانگیان کردن بۆ لای خوا و باوەڕهێنان بە ڕۆژی زیندووبوونەوە •

کاتێ پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - ئەم هەواڵەی بیست زۆری پێ ناخۆش بوو ، بۆیە بڕیاری دا هێزێك لە هاوەڵان دروست بکا و تەمێی ئەو هۆزانەی پێ بکا ، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو هەواڵی پێ گەیشت ئەو نەفامانە لەو ناوچەیە نەماون و گواستوویانەتەوە بۆ شوێنێکی تر ، بۆیە وازی لە بڕیارەکەی هێنا ••

وتمان : پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - ئاوڕی دایەوە بە لای پاشا و ئەمیرەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە ، تا دەنگی ڕاستیان بە گوێدا بدا و بانگیان بکا بۆ سەر ئیسلام •

بۆ ئەمە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - لە سەرەتای ساڵی هەشتەمی کۆچیدا چەند هاوەڵێکی هەڵبژارد بۆ هەوگرتن و گەیاندنی نامەکانی بەو

پاشــایانە ، لــە کاتێکا کە نامەکان نامــەی ئاشتی و بانگ‌کردن بوون ، دوور لــە هەڕەشە و ترساندن بــە جەنگ و هێرش ••

یەکێ لەو نێرراوانە حاریثی کوڕی عومــەیری ئــەزدیی بوو کە نامەیــەکی دایــێ بۆ پاشــای بوصرا و جەولان ، حاریثی کوڕی ئەبووشومەری غەســانیی•• ڕۆیشت هەتا گەیشتە دێی موئتە لە بولقــاء شورەحبیلی کوڕی عەمری غەســانیی تووش بوو ، کە یەکێ بوو لەوانەی کاروباری پاشا حاریثیان هەڵ ئەسووڕاند •

شورەحبیل لە هەڵگری نامەی پرسی :

— بۆ کوێ ئەڕۆی ؟

+ بۆ شام ••

— لەوانەیە لە نێرراوانی موحەممەد بیت ••

+ بەڵێ •

لــە سەر ئەمە توند دەست و پێی بەست و لینجــا دای لــە گەردنی و شەهیدی کرد ••

ئەمە یەکەمجار بوو نێرراوی پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ بکوژرێ ، لە بەر ئەمە کاتێ کە بیستی بە لایەوە زۆر گران بوو ..

لە پاڵ ئەم دەستدرێژیانەدا پاشای غەسسانیی ، حاریثی کوڕی ئەبوو شومەر ، کەوتە هەڕەشەکردن ، گوایا نیازی وایە لەشکر بە رێ بکا و هەڵمەت بەرێتە سەر پایتەختی ئیسلام ؛ ئەمەش لە کاتێکا بوو کە پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ شەجاعی کوڕی وەهبی ئەسەدیی هاوەڵی بە نامەیەکەوە نارد تا حاریث ئاگادار کات ..

ـ کە نامەکەی خوێندەوە ، وتی : کێ ئەتوانێ موڵك و دەسەڵاتم لێ بسێنێ ، من ئەچمە سەر ئەو ، ئەگەرچی لە یەمەنیش بێت . بەلام ئەوە بوو قەیصەر رازیی نەبوو .

غیرەتی پێشەوا

پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ غیرەتی نبوونی نەئەکرد دوژمن دەستدرێژیی بکاتە سەر موسڵمانەکان ، لە هەمان کاتا خۆزی نەئەکرد کافر لەشکر بە ڕێ بخا و بەرە و پایتەختی ئیسلام بکەوێتە ڕێ ، چونکە لەشکری ئیسلام کاتێ کە گەمارۆ بدرێ تواناى جەنگی نامێنێ و دوژمن بە ئاسانیی زاڵ ئەبێ بە سەریا ..

بۆیە پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ لە بەر ئەمە و لە بەر هەر دانایییەتیەك كە لە دڵیا بوو بێ ، بڕیاری دا لە شکرێك بە ڕێ بخا و بە شێوەی هەڵمەتێکی سەربازیی گەورە ، هێرش بکاتە سەر خاکی شام تا دەرسێکی چاکی ئەو عەرەبە بەگاوربووانە دا بدا کە بوونەتە نۆکەری ڕۆمی گاوری ستەمکار و حاڵ و میللەتیان خستۆتە ژێر پێیەوە .. وە تا لە شکری موسڵمانەکان بە شێوەی « کرداریی » بیسەلمێنێ بۆ ڕۆمانەکان کە خاکی ئیسلام زۆر لەوە بەهێزتر و

سەختترە کە دوژمنی کافر بیر لە هێرش کردن بکاتەوە بۆ سەری و پێ بنێتە خاکی « لا اله الا الله » وە .

جا بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە پیرۆزە ـ مەبەستی پاراستنی سایە و سێبەری بەرنامەی « لا اله الا اللـه » ، تـا ڕۆژئاوایـەتی پێی بحەسێتـەوە ـ پێغـەمبـەری خۆشەویستمان ـ صلی الله علیه وسلم ـ سێ هەزاری لـە چاکترین و تێگەیشتووترین هاوەڵەکانی هەڵبژارد .. سێ هەزار لەو ئیماندارانەی کە بەم فەرموودەیەی تێی گەیاندبوون : کە هەر موسڵمانێ بە پەروەردگاریتیی خوای گەورە و ئاینی ئیسلام و پێغەمبەرێتیی موحەممەد ـ صلی اللـه علیـه وسلم ـ ڕازی بێت ، بەهەشتی مسۆگەرە ، جا ئەوە بوو ئەبوو سەعیدی خودریی ـ خوا لێی ڕازیی بێت ـ سەری لەم فەرموودەیە سوڕ ما و داوای کرد دووبارە بۆی بڵێتەوە ، کـە بۆی دووبـارە کردەوە ، تێی گەیاند کە کـردەوەیەکی تری چاکیش هـەیە ، خوای گـەورە صـەد پلە ئیمانداری پێ بەرز ئەکاتەوە لە بەهەشتا و نێـوان هـەموو دوو پلەیەک وەک

نێوانی ئاسمان و زەویی وایە • ئەبووسەعیدیش خێرا هەواڵی ئەو کردەوە چاکەی پرسیی • فەرمووی : جیهادە لە پێناوی خوادا ، جیهادە لە پێناوی خوادا :

عن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال : « من رضي بالله ربا ، وبالاسلام دينا ، وبمحمد رسولا ، وجبت له الجنة » • فعجب لها أبو سعيد ، فقال : أعدها علي يا رسول الله ، فاعادها عليه ، ثم قال : « وأخرى يرفع الله بها العبد مائة درجـة في الجنـة ، ما بين كل درجتين كمـا بين السماء والارض » • قال : وما هي يا رسول الله ؟ قال : « الجهاد في سبيل الله ، الجهاد في سبيل الله » • رواه مسلم •

لەشکری چاکویست کۆکرایەوە •• بەڵام موسڵمانەکان نەیان ئەزانی بەرە و کوێ ئەڕۆن ، تا لە شار دەرچوون و جورفیان کردە سەربازگە ، کە چەند میلێك لە مەدینەوە دوور بوو • ئینجا لەوێ ئاگاداری کردن پێویستە سنووری دوورگە ببڕن و بچنە خاکی

شامەوە و بچن بە گژ ئەو دوژمنانەدا ، کە بە ناڕەوا خوێنی موسڵمانەکانیان ڕێژا .

هەر لەو شوێنەدا پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرماندەی گشتیی بۆ لەشکر هەڵبژارد: زەیدی کوڕی حاریثە سەرکردەی لەشکر بێت ، ئەگەر ئەو شەهید کرا ، جەعفەری کوڕی ئەبوطالیب ، وە ئەگەر ئەویش شەهید کرا ، عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحە ، خۆ ئەگەر ئەویش شەهید کرا ، ئەوا با موسڵمانەکان و پیاوماقوڵانی هۆزەکان کۆ بکەنەوە و بە پێی یاسای شوورای ئیسلامیی کێ بە چاك ئەزانن هەڵی بژێرن و بیکەنە فەرماندەی خۆیان ..

لەو کاتەدا کە لەشکر لە جورف دا وەستا بوو ، موسڵمانەکان هاتن بۆ بەڕێ‌کردن و خواحافیزیی . پێغەمبەری خوایش ـ صلی الله علیه وسلم ـ ئاڵایەکی سپیی ئامادە کرد بۆ فەرماندەی لەشکر .

بەم شێوەیە سێ‌هەزار سەربازی جەنگاوەری

بەغیرەتی ئیسلام مەدینەی پایتەختیان بەجێ هێشت ، کە ئەمە یەکەم لەشکرێ بوو تا ئەو کاتە بۆ پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - کۆ بێتەوە و لەژێر دەستی یەك فەرماندەدا بێت ..

لە رۆژی جومعەی مانگی جەمادی یەکەمی ساڵی هەشتەمدا لەشکری چاكویست کەوتە رێ .. بەرەو شام .. بۆ جیهاد .. بۆ بەرزکردنەوەی بانگی خواپەرستیی .. بۆ رۆشن کردنەوەی سەرزەویی بە رۆشنایی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ، موسڵمانەکان کەوتنە رێ..

کەوتنە رێ ، دوای ئەوەی کە پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - مەبەستی جەنگی ئیسلامیی پیشان دا بوون ، تا جەنگی ئیسلامیی جیا بێت لە جەنگی نەفامیی ..

ئەوە بوو ئەو جارەش وەك هەموو جارێکی تر ئامۆژگاریی کردن تا بە ناوی خواوە و بە پشتیوانیی خوا و لە پێناوی خوادا و لە سەر رێڕەوی ئوممەتی پێغەمبەری خوا بکەونە رێ . بێ پرسی ئەمیر دەست

نەبەن بۆ دەستکەوتی جەنگ ، ناپاکیی نەکەن ، لووت
و گوێی کوژراوانی دوژمن نەکەن ، منال و ژن و پیری
بە ساڵا چوو نەکوژن،وەك لە روانگەی ئەم فەرموودەیەو
بۆمان دەرئەکەوێ :

کان ـ صلى الله عليه وسلم ـ اذا بعث سرية قال :
« بسم الله وبالله وفي سبيل الله وعلى ملة رسول الله ، لا تغلو
ولا تغدروا ولا تمثلوا ولا تقتلوا وليداً ولا امرأة ولا شيخ
كبيرا » .

رواه أبو داود والطبراني .

سەرکردەکانی لەشکری موسڵمانەکان هەر بە
شێوەی پێغەمبەر ، هەوڵیان دا دوژمنان لەم هێرشەیان
ئاگادار نەبن ، تا لە ناخلۆفا بدەن بە سەریانا ، بەلا
جوولەکە و دەستەی موناقیق خێرا هەواڵەکەیان
گەیاندبوو تا رۆمەکان ئاگاداری خۆیان بن ..

دڵە رەشەکەیان خۆی پێ نەئەگیرا ، ئەکەڕان ا
هەموو ساتێکدا پاگاندە بۆ موسڵمانەکان بکەن و ورە
دوژمنەکانیان بەرز کەنەوە ..

دەریای فراوان و دوورگەی بچکۆلە

یەکەم کەسێ ـ کە لـە جاسووسەکانی رۆمانەوە ، ئەوانەی لە مەدینەدا ئیشیان ئەکرد ـ هەواڵی هێرشـی موسـڵمانەکای زانی ، شـورەحبیلی کـوڕی عـەمری غەسـانیی بوو ، کە کار هەڵسووڕێنەری رۆمەکان بوو لـە سەر ناوچەکانی باشووری شام کە هاوسنوور بوون لەگەڵ دوورگەدا •• ئەوەی حاریثی کوڕی عومەیری ئەزدیی ـ نێرراوی پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ بۆ لای پاشای بوصرا و جەولان ـ کوشت •

بە پەلە هـەواڵی هێرشـەکەی دا بـە رۆمەکان و خۆیشی دەستی کرد بە کۆکردنەوەی لەشکر لە هۆزە عەرەبە نۆکەرەکانی رۆم ، لە هەمان کاتا سدووسی برای لەگەڵ چـەند پیاوێکیا نارد تا هەواڵی موسـڵمانەکان بزانن •

لەشکری موسڵمانەکان بەرەو ژوور لە سەر رەوتی خۆی بەردەوام بوو هەتا گەیشتە « وادي القرى » و لەوێ چەند رۆژێ حەسایەوە و دیسان کەوتەوە رێ •

لە رێگادا پێشەنگی لەشکری موسڵمانەکان تووشی دەستەکەی سدووس بوون و هەر لە ناو خاکی دوورگەدا کەوتنە جەنگ و لە ئەنجاما سدووس کوژرا • بەمە شورەحبیلی برای ترسێکی زۆری لێ نیشت و دادی بردە بەر سەرکردایەتیی بالای رۆمەکان ـ کە لەو کاتەدا لەگەڵ پاشا هیرەقلدا لە « بيت المقدس » بوون • ئەوە بوو بە پەلە کۆمەکییەکی زۆریان بۆ نارد •

رۆمەکان بە ماوەیەکی کەم لەشکرێکی دووصەد هەزاریان کۆ کردەوە : صەد هەزاری رۆمانیی بوو کە تیودۆری برای پاشا هیرەقل سەرکردەی بوو • وە صەد هەزاریشی لە هۆزە عەرەبە بەگاوربووە تۆکەرە پارەپەرستەکان کۆ کرابوویەوە • هەموویشی لە شاری « مآب »[1] کۆ بووبوویەوە •

---

(١) شاری کەرەکی ئێستا لە ولاتی ئەردەن •

لەشكرى موسڵمانەكان ئەوە بوو «وادي القرى» ى بەجێ هێشت و سنوورى دوورگەى لە نزيك تەبووكدا بڕيى و بە ناو خاكى شامدا ڕۆى هەتا گەيشتە شـارى « مەعان » ، ناوچەى بولقاء لە ئەردەن ..

لەو شارەدا زەيدى كوڕى حارىثەى فەرمـاندەى گشتيى موسڵمانەكان ، لەو سەربازە موسـڵمانانەوە كـە ناردبوونيە ناو خاكى دوژمنەوە بۆ هەواڵزانين ، هەواڵى ژمارەى لەشكرى ڕۆمەكانى زانيى كە دووصەد هەزارە و بـە دەيانى هـەزارێـك ئەسـپـسوارى پڕچـەكيـان لەگەڵايە ..

خێرا ئەم پرسيارە هاتە بەر دەمى :

« ئايا لەشكرێكى بچكۆلەى سێهەزاريى ئەتوانێ لە بەر دەم دووصەد هەزار جەنگاوەرا بوەستێ و دامەزراو بێت ، چ جاى شكاندنى دوژمن و سەركەوتن بە سەريا ؟

بە وێنەى فەرماندەيەكى موسڵمانى شـارەزا ، لـە خۆيەوە بڕيارى نەدا ، بەڵكو هەموو ئەميرەكانى لەشكر

و فەرماندەکانی کەتیبەکان و سەرۆکی هۆزەکانی بانگ کرد بۆ کۆبوونەوەیەکی پەلە تا ئەم هەوالە ببیستن و بڕیارێکی لە سەر بدەن •

لە ئەنجاما رای فەرماندەکان هاتە سەر دوو شت :

هەندێکیان رایان وا بوو جەنگ نەکەن تا پرس بکەن بە پێغەمبەری خوا ـ صلى الله عليه وسلم ـ • وە هەندێکیان رایان وا بوو بچن بە گژ دوژمنا • دوای دوو رۆژ لە وت و وێژ ، رای دووەم پەسەند کرا و بڕیاریان دا بچن بە گژ دوژمنا •

زەیدی فەرماندە چاوەڕوانی بڕیاری موسلمانەکان بوو •• بینی وا بە جارێکا حەزیان لە هێرش و جەنگە•• حەزیان لە شەهیدیی و بەهەشتە •• ئەویش ـ خوا لێی رازیی بێت ـ وە نەبێ لەوان کەمتر عاشقی شەهیدیی و بەهەشت بێت ، بۆیە فەرمانی دەر کرد بۆ هەموو بەشەکانی لەشکر تا لە مەعانەوە بەرەو رووی رۆمەکان و عەرەبە بەگاور بووەکان بکەوێتە رێ ••

لە هەمان کاتا رۆمەکانیش ، بەرەو موسڵمانەکان ، لەشکرە گەورەکەیان خستە رێ .. لەشکری چی ؟ لەرزەی بە زەویی خستبوو .. ئەتوت زنجیرە شاخێکە و کەوتۆتە رێ .. تەپ و تۆز و نرکە و ناڵە و دەنگی دهۆڵ ، لە ئاسمانا خەست بووبوونەوە ..

موسڵمانەکان هاتن سەیر ئەکەن وا لەشکری زۆر و زەبەندە لە دێیەك لە دێیەکانی بولقادا کە پێی ئەوترا : مەشاریف ، سەربازگەی دروست کردووە .

ئەبێ رۆمەکان چۆن سەیری ئەو لەشکرە بچکۆلەیان کردبێ کە لە هەموو بارێکەوە بۆ بەراوردکردن نەئەشیا ..

موسڵمانەکان ورەیان بەرز بوو ، چونکە بە راستیی ئیماندار بوون و مان و مرنیان بە لاوە یەکسان بوو .. یا سەرکەوتن وە یا شەهیدیی ..

پرسیاری دێتە بەر دەمان :

رۆمەکان کە بیستیان وا موسڵمانەکان بە لەشکرێکی

سێ‌هەزاریەوە هێرش ئەکەنە سەریان ، چ پێویستی ئەکرد لەشکرێکی دووصەد هەزاریی پڕ چەك و تفاق بخەنە رێ و بە سەرکردایەتیی تیۆدۆری برای پاشا بەرەو موسڵمانەکان بکشێ ؟ هەرچەندە هەندێ مێژوونووس ئەڵێن ، هیرەقلی پاشا خۆی فەرماندە بووە !

ئەمە بە جوانیی پێمان ئەسەلمێنێ سام و هەیبەتی موسڵمانەکان تا چ رادەیەك لە دڵی کافرانا جێی خۆی کردۆتەوە ..

ئەوە ئەگەیەنێ کافران هەر زۆر زۆر بە بەرز و ئازا و بە هەڵمەت و بە جەرگ سەیری موسڵمانەکانیان کردووە ، بە رادەیەك سەربازێکی موسڵمانی بێ‌تفاق حەفتا سەربازی تیر و تەسەلی بۆ بخرێتە مەیدانەوە .. !

ئەوە غیرەت و ناو و ناوبانگی ئەو رۆژەی موسڵمانان بوو ، بۆیە بە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا هەڵمەتیان ئەدا و بە دەستێ شمشێر بۆ مل پەڕاندنی ملهوڕ و ستەمکاران ، وە بە دەستێکی قورئان بۆ

هیدایەتدانی گەلە چەوساوەکان ..

ڕۆمەکان وەها نیازیان بوو بە یەك لێدان ئیسلام و لەشکری ئیسلام شوێنەواری نەمێنێ ؟ زیاد لەوەی ترس و لەرزێکی زۆری هێزی بازووی موسڵمانەکان چووبووە دڵیانەوە ، بە تایبەتیی دوای تێك شکانی قەڵای سەختی جوولەکەی خەیبەر بە دەستی لەشکری موسڵمانەکان لە ساڵی پێشوودا ..

زەیدی فەرماندە لەگەڵ کۆمەڵەی ئەرکانی لەشکردا دەستیان کرد بە نەخشەکێشان بۆ جەنگ ..

خوا یارمەتیی دەرە ..

لەشکری ئیسلامیی ، وەك بچووکە ، وەهایش تازەیە .. لە کۆمەڵە ئادمیزادێك دروست بووە کە لەوە و پێش بەزداریی جەنگی وەها گەورەیان نەکردووە . بگرە فەرماندەکەیان بەندەیەکی خزمەت گوزار بووە ، لەشکری ڕۆمیش چەند صەدەیەکە بەژداریی جەنگە جیهانییە گەورەکان ئەکا ، بە تایبەت لەگەڵ ساسانییەکانا ..

که نەخشەیان کێشا ، ئەوەیان خستە پێش‌چاو ، تیۆدۆر بیر لە نێوازی کەمارۆدان بکاتەوە و ئەو کاتە بە ئاسانیی بتوانێ ، یا بە جارێ لە ناویان بە رێ ، وە یان ناچاری خۆبەدەستەوە دانیان بکات .

ئەمە زۆر ئاسانە بۆ لەشکرێکی وەها گەورە ، بتوانێ لەشکرێکی وەها بچووك گەمارۆ بدات و ویستی خۆی، لە کوشتن و بڕین و بە دیل‌گرتن ، بە دیی بێنێ ..

هەروایش بوو ، تیودۆر هەر لە سەر ئەو بناغەیە نەخشەی کێشا بوو بۆ لەشکرەکەی و هەرگیز نەئەهات بە بیریا لە کاتژمێرێك زیاتر جەنگ بخایێنێ و لەشکری موسڵمانەکان بە سەر زەوییەوە ما بێ !!

ئەگەر تیۆدۆر ئەمەی بۆ هەر کەسێ باس بکردایە، ژیریی پەسەندی نەئەکرد یەکێ بتوانێ وتەکانی بەرێتە دواوە .. یان لەناوبردنی یەکجاریی وە یان خۆبەدەستەوەدانی دوا سەربازی موسڵمان .. چونکە ئەو لەشکرە دووصەد هەزارییەی رۆمەکان ، پەنجا

هەزاری ئەسپ سوار بوون ، ئەو صەد و پەنجاکەیشی بە ئاسن و زرێ و قەڵغان و چاکترین کـلاوی پۆڵا خۆیان داپۆشی بوو ..

کورتەکەی لەشکری رۆم ، تا ئەو رۆژە ، لە چاکترین و تەواوترین لەشکرەکانی جیهان بوو لە مەشق و بچەکدا ..

زەیدی فـەرماندە ، چونـکە خوای لەگەڵا بوو ، ئەمەی زۆر چاك ئەزانیی ، بۆیە پێش دەست پێ کـردنی جەنگ بیری لەمە کردەوە و نەخشەی بۆ کێشـا ، لای دایـە دێی (موئتە ـ مؤتة) و سەربازکەی تیا دروست کرد ، تا لەو شوێنەدا دوژمن نەتوانێ چوار دەوریـان بگرێ .

ئینجا کاری سەرشانی هەموو فەرماندەیەکی دیاریی کرد : پیاوماقووڵیکی نەوەی عوذرەی کردە فەرماندەی دەستە راستی لەشـکر ؛ کە نـاوی قوطبەی کـوڕی

قەتادە[٢] بوو ، وە عەبایەی کوڕی مالیکی ئەنصــاریی کردە فەرماندەی دەستە چەپی لەشکر .

بەڵام دڵ و ناوکرۆکی لەشکر هەرسێ فەرماندەکەی لەکەڵا بوون : زەید و جەعفەر و کوڕی ڕەواحە .

هەر ئەوەندە بوو لەشکری موسڵمانەکان دابەزییە موئتە ، ئیتر شالاوی لەشکری ڕۆم ڕووی تێ کردن .. ڕووی تێ کردن بە فیز و دەمار و خۆهەڵکێشانێکەوە .. لــە شێوەی شەپۆلی بە گوژمی دەریا ، چەپۆکانی بوو .. لەشکرە بچکۆلەکەی ئیــسلامیش لــە موئتــەدا خـۆی دامەزراند بوو ، بەڵام لە دوورگەیەکی بچکۆلە ئەچوو، کە هەموو ساتێ مــەترسیی ئەوەی لێ بکرێ لــە لایەن دەریایەکی بان و پۆڕی سەرشێتەوە نوقوم بکرێ ..

---

(٢) ئــەم موسڵمانە بوو سەرکردەی لەشکری عــەرەبە بەکــاوزبووەکان ـ مالیکی کــوڕی زافیلە ـ ی کوشت ..

بـه راستیی هەڵوێستی موسڵمانەکان هەڵوێستێکی سامناك و پڕ مەترسیی بوو .. چاو و مێشکی لـه خشتە ئەبرد و له کاری ئەخستن .. جـەرگ و هەنـاوی دا ئەخست .. ئەوەتا ئەبووهورەیرە ـ خـوا لێی رازیـی بێت ـ ، که یەکێ بوو لەوانەی بەژداریی موئتەیان کرد، ئـەم راستیەمان بۆ دەر ئەخا که تا چ رادەیەك ئەو رۆژە مایەی ترس و لەرز بووە ، دوای ئـەوەی ئـەو هەموو خەڵك و چەك و تفاق و ئاڵتـوون و ئاورێشـمە ـ لـه دوورەوە ـ ئەبینن . ئەبووهورەیرە ئەڵێ : کاتێ چاوم بەوە کەوت چاومی له خشتە برد .

ثابیتـی کـوڕی ئەقرەم[٣] وتی : ئـەوە جیتـه

---

(٣) ثابیتی کوڕی ئەقرەمی بـەلەویی : هـاوپەیمـانی ئەنصارەکان بوو .. بەژداریی جـەنگی بـەدری کـردووه (الرسول القـائد ـ ١٣٥) .. لەگەڵ عوککاشەی کوڕی خوزەیلیدی ئەسەدیی ، شەهید کرا ، لەو کاتەدا که طولەیحە ئاژاوەی داواکردنی پێغەمبەرایەتیی ، بۆ خۆی ، بە ساختە ، نابووەوە

ئـەبووهـنوڕەیره ؟ ئـەڵێی خەڵکێکی زۆرت بەر چـاو ئەکەوێ ؟!

وتم : بەڵێ • وتی : چاوت لێمان نەبوو لە بەدرا

و خالیدی کوڕی وەلیـدیش هەردووکیانی کـردە چاوساغ و هەواڵزانی لەشکری خیلافەت ، ئـــە ئەوە بوو لە ئەنجاما لە نێوان لەشکری خـالید و ئەو لەشکرەدا کە طولەیحە هەڵی خەڵەتاند بوو و کۆی کردبۆوە ، جەنگی بوزاخەی مێژوویی رووی دا ••

ئەوە بوو لەشکری خالید سەر کەوت و طولەیحـە دوای تێکشکانی ، لە دواکەی پەشیمان بوویەوە و تەوبەی کـــرد و گەڕایەوە سەر ئیسلام • جــا ئەگێڕنەوە ئەبووبەکر ـ خوا لێی رازیی بێت ـ روو ئەکاتە طولەیحە و پێی ئەڵێ : چۆنم خۆش بوێت ، تۆ ئـەو دوو پیاوچـاکەت کوشتن ، عوککاشەی کوڕی موحصین و ثابیتی کوڕی ئەقرەم ؟ طولەیحە وتی : خوای گەورە بە دەستی من رێزی بــەوان بەخشیی (بە وەرگرتنی پلەی شەهیدیی) ، بەڵام بە دەستی ئەوان منی ریسوا نەکرد (تا بە کافریی بیکوژن) ••

(چۆن خوای گەورە پشتی کافری زۆر و زەبەندەی بۆ داین بە زەزییدا) ئێمە بە زۆریی لەشکر سەر ناکەوین !

جا کێ گلەیی لە ئەبوو هورەیرە ئەکا ؟ لە هیچ کەس گلەیی ناکرێ ، کاتێ کێشانە و پێوانە دا بنێ بۆ ئەو دوو لەشکرە و دوای بەراوردکردنیان بە تەماى تیاچوونی موسڵمانەکان بێ ، نەك شکان ، بەڵکو تیا چوون .. تیاچوونی یەکجاریی ، کە بریتیی بێ لە ریشەکەن بوونی ئیسلام بە تەواویی ..

خۆ ئەگەر لەشکری ئیسلام ، کە ژمارەی لەشکری رۆمی زانیی ، بریاری گەڕانەوەی بۆ مەدینە بدایە بە بێ جەنگ ، هیچ گلەیەکی لێ نەئەکرا . بەڵام ـ هەر چەندە ئەیان تو نیی بکشێنە دواوە ـ بریاریان دا خۆیان بدەن لە لەشکری کافران ، ئیتر ئەوە بوو بەرەو مووتە هەڵەتیان دا ..

کەسێ نیە لە جیهانا دانی پیا نەنێ کە ئەم هەڵمەتە و ئەم بریارە چەندە پڕ مەترسیە .. وە هەر لەشکرێك

و هەر فەرماندەیەك بە كاری وا هەڵسێ ، بە یاسای سەربازیی ، سزا : درێت .. بە تایبەتیی لەم چەرخەدا ، هەر سەركردەیەك ئەو بڕیارە دەر بكات بۆ هێرش و جەنگ‌كردن ، وەك ئەوەی كە زەیدی كوڕی حارثە و یارمەتییدەرەكانی دەریان كرد ، ئەوا راستەوخۆ ئەدرێ بە دادگا ، گوایە ئەمە مەبەستی فەوتاندنێكی مسۆگەری لەشكر بووە .

بەلام لەشكری قورئان جیاوازە ..

فەرماندە ، بۆ ئەم جۆرە كارانە ، نادرێ بە دادگا ، چونكە دوای متمانەیەكی تەواو فەرماندەیەتیی پێ سپێرراوە .. ئینجا چ فەرماندە و چ سەربازان ، هەر هەموویان ، چەندێ بە تەمای شەهیدین ، ئەوەندە بە تەمای ژیانی دونیا و سەركەوتن تیایا ، نین . شەهیدبوون لە پێناوی خوادا ، ئاواتی راستەقینەی ئیماندارانە ، تا بە كۆمەكیی خوا ، بگەنە بەهەشتی نەبڕاوە ..

بلێسەی ئاگری جەنگ

هەرسێ فەرماندەکە : زەید و جەعفەر و کوڕی ڕەواحە ، لە ریزی یەکەمی ڕێی پێشەوە و لە بەشی دڵی لەشکردا وەستان .. بەرابەر دوژمنی زۆر و زەبەندە وەستان .. بە دڵێکی پڕ لە هێزی کۆڵنەدەرەوە، بە سەری بەرزەوە ، وەستان .. گیانەکانیان زۆر هەزران ئەدایە قەڵەم .. چونکە لەگەڵ خۆشەویستی ماکرۆکی دڵیانا مامەڵەیان ئەکرد .. گیانە نوورانییەکانیان بە خوا ئەفرۆشت ..

چوونە پێشەی پێشەوە ، تا لە پێش هەموو سەربازێکەوە شەهیدیان دەست کەوێ .

ئەی کێ کاروباری لەشکر بەرێت بە ڕێوە دوای شەهیدبوونی ئەوان ؟

ئەگەر لەشکرێ وەك ئەوان خۆی فرۆشتبێ بە خوا، خوای گەورە خۆی پارێزگاریی بۆ ئەنێرێ ..

« وكفى بالله وكيلا » الاحزاب/٣ .

« وكفى بالله هاديا ونصيرا » الفرقان/٣١ .

« وما النصر الا من عند الله » الانفال/١٠ .

لەشکری قورئان خوێن چاوی بڕیبووە ئاسمان،
تا لە رەحمەت و سۆزی بە لێ مازی بڕژێنێ بە سەریا ..
ئەم بەرامبەر بە کافر وەستانەی و بە هەرزان دانی
خوێنەکەی بە کردەوەی چاك بۆ بژمێرێ و لە ئاگری
دۆزەخ رزگاری بکا ..

جەنگ دەستی پێ کرد .. لە بەرزترین پلەدا
موسڵمانەکان دامەزراویان نواند .. بە راستیی تەنها
ئیمانی راستەقینەیە ورە و پێزی ئادەمیزاد بکەیەنێتە ئەو
پلەیە .. دەریایەك هێرش بێنێت بۆ دوورگەیەکی
بچکۆلە و هێشتا شەپۆلە بەتەوژمەکانی بە توندی بگێڕێتە
دواوە ..

بەڵێ ، بیروباوەڕی دامەزراو و لێبڕان و
کۆڵ نەدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای « لا اله الا الله »
هەموو یاسایەك ، کێشانە و پێوانەیەك ، ئەگۆڕێ .
ئەیسەلمێنێ کەوا مەرج نیە هەموو جارێ سەرکەوتن بە
زۆریی تفاق و لەشکر بێتە دیی ..

لەشکری رۆمەکان جار لە دوای جار شاڵاوی

ئەهێنا •• سەربازەکانی ئیسلامیش ، بێ تفاق ، لە بەر دەمیان ، مەردانە ، وەستا بوون •• شەپۆلەکانی لەشکری خوانەناس خەریك بوو بە جارێکا خواناسەکان قووت بدات ••

ئەبوایە ئەم جەنگە نەشیاو و ناهەموارە چەند سایێکی کەمی بخایاندایە •• ئەبوایە بە یەك لەیشتن و تەواوکردنی موسڵمانەکان پێکەوە بوایە ، (هەر وەك سەرکردەکای رۆم بیریان لێ ئەکردەوە) • کەچی بە پێچەوانەوە ، ئەوەی کە کەسێ بە تەمای نەبوو هاتە دیی •• لەشکرە بچکۆلە ئەوپەری غیرەتی نواند • پاڵەوانانە دەستی ئەوەشاند • زۆر و زەبەندە لاکی گاور دەشتی داپۆشی •• جەنگ حەوت رۆژی خایاند ••

سەربازە کۆڵنەدەرەکانی قورئان ••

سەربازە بەوەفاکانی پێغەمبەری خوا ••

سەلامتان لێ بێ ••

سەلامتان لێ بێ لە هەموو موسڵمانێکی بەغیرەتەوە ••

خۆم بە خەجاڵەت ئەزانم ‎٠٠‎ تووکی لەشم گرژ بوون ‎٠٠‎ مووچڕکەم بە لاشەدا دێت ‎٠٠‎ چاوم فرمێسکیان تیـ قەتیس ماوە ، کاتێ کەمیتان و زۆریی دوژمن دێنم بە بیرەدا ‎٠٠‎

چۆن بەرەتان ئەگرت ؟

چۆن زیرپەتان نەئەکرد ؟

چۆن دەستتان شمشێری ئەگرت ؟

دیارە وەڵامیش ئاسانە :

کۆمەکیی خوا ‎٠٠‎ یارمەتیی خوا ‎٠٠‎ پشتیوانیی خوا ، بۆ ئەوانەی دڵیان پڕە لە ئیمان ‎٠٠‎

لەو رۆژە ناسکەدا و لە خاکی کافردا ‎٠٠‎ گەورەترین هێزی کافری ئەو رۆژە ‎٠٠‎ ئێوەی قارەمان لە بەر دەمیا بەوپەڕی غیرەتەوە شاڵاوەکانیان پەرچ ئەدرایەوە ‎٠٠‎

خۆشەویستەکانم ‎٠٠‎ خوای گەورە گەیشتە فریای ئێوەی بە غیرەت ‎٠٠‎ خوا یارمەتیی ئێمەش بدات ، لەو

سەرچاوە پاکەوە کە ئێوە پەروەردەتان لێ وەر ئەگرت ، پەروەردە وەرگرین ..

بەڵێ .. غیرەتی موسڵمانەکان بە شێوەیەك بوو ، هەر چەندە لەشکری دوژمن یەك لە دوای یەك هێرش و پەلاماری ئەهێنا ، بەڵام توانییان بیوەستێنن ..

بەڵێ ، لە هێرش و بۆ پێشەوە هاتن بیوەستێنن . سەلماندیان غیرەت تەنها لای موسڵمانە .. دوای وەستاندنی رۆم ، خۆیان بەوەوە نەوەستان .. ئەمجارە نۆبەی دەست و بازووی موسڵمانە شمشێر دابڕێتە خوارەوە بۆ سەر کڵاوی پۆڵا و زرێی کافر .. ئەمجارە موسڵمانەکان هێرشیان دەست پێ کرد .. بە صەدەها لاشەی رۆم و عەرەبە نۆکەرەکانیان لەو نازەدا خەوت ، بەڵام هێرشەکان کاریگەر بوون ..

هەر مردن نیە ؟

لە مردن بەو لاوە چی تر هەیە ؟

خۆ ئەگەر دەستیش نەوەشێنن ، دوژمن دەستی وا

له کرا درێغیی ناکات • وا چاکە هەر موسلمانێك بەر لە شەهیدبوونی چەند لاشەیەك لە کافران بخات •

زەیدی فەرماندە لە پێشی پێشەوە برو •• ئەوی خزمەتگوزار و بچکۆلە و نەناسراو ، ئیسلام کەیشتە فریای و دەروونی ، پشکی ، هەموو ئەندامێکی رزگار کرد •• حەیف نیە ئەمڕۆ خۆی نەفرۆشێ بە خوای گەورە ؟

لە پێشی پێشەوە هەڵمەتی ئەدا و موسلمانەکانی هان ئەدا و هەریەکەیان چەند قانی ژێر هەڵمەتی ئەدا •• کافری خوانەناس چیە وره بە موسلمان بەر بدا ؟
ئەم هێرشانەی موسلمانەکان وایان کرد بەشێك لە لەشکری رۆم دەست بداتە را کردن •

جا چۆن را نەکات ؟ لە بەردەم کێدا بووەستێ ؟ لە بەر دەم موسلمانێکا درەنگیە بگاتە بەهەشت ؟ سەربازێ بۆ پارە و رابواردن هاتبێ ، پیاوی مەیدانی شەهید ویستان نیە !

کوان موسڵمانە شەهید ویستەکانی ئەم چەرخە ،
سوپاس بۆ خوا سەرانسەری سەرزەویی پڕیەتی لێیان و هەروو رۆژێکیش ئەیسەلمێنن کە :

شوێنکەوتووە راستەقینەکانی قورئان ـ ئەگەرچی هێشتا لە چاو کافراندا زۆر کەمن ـ هەموو دەمێ ئاواتی شەهیدیی ئەخوازن .

بەڵام زۆربەی لەشکری کفر هەر خەریکی جەنگ و کوشتار بوو ، هەوڵی ئەدا بە هەر شێوەیەك بووە چاردەوری موسڵمانەکان بگرێ .. بەڵام بێهوودە بوو و هەموو جارێ دەستی لە بنی کەنوێ خاڵییەوە دەر ئەچوو ..

یەکەم بەڵگەش بەرگەگرتنی موسڵمانەکان و بەردەوامیان بوو لەو جەنگە ناهەموارەدا بۆ ماوەی حەوت رۆژ ، مەگەر تاریکایی شەو لە یەکتریی جیای بکردنایەتەوە .

لەشکری ئیسلام بە شێوەیەکی بێرلێنەک راوە

خەریکی جەنگ بوو، تا ڕۆژی شەشەم، وە ئەوە بوو لەو ڕۆژەدا هەرسێ فەرماندەکە بە سەری بەرزەوە دەستیان لە ملی شەهیدیی کرد .. بە شەهیدبوونی هەر سێکیان لەشکری موسڵمانەکان ئەو هێز و پێزەی نەما .. بەڵام خوای گەورە خۆی نەخشە ئەکێشێ . خۆی دەرمانی هەموو دەردێك ئەنێرێ . کۆمەڵی خواناس کە لە گەڵ خوادا ڕاست ئەکات ، دەی ئیتر مەمۆ کەرە پەروەردگـار نەخشەی سەرفرازیی بۆ ئەکێشێ . ئەوە بوو خالیـدی کوڕی وەلیدی گەیاند ..

هەر سێ فەرماندەکە تا پێنج ڕۆژ هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە لە پێشی پێشەوەی لەشکردا بوون ئەجەنگین .. بـەم دەست و بەو دەست ـ بە کۆمەکیی و پشتیوانیی خوا ـ شاڵاوی هێرشی لەشکری بێپایانیـان ئەکێڕایـە دواوە ، زیاد لەوەش یـەك لە دوای یەك هـەڵمەتیـان ئەدایە سەریان تا بە ڕاست و بە چەپا لاشەی بێسـەر و سەری بێلاشەیان لە مەیدانا لە سەر یەك تەپە کەن ..

شەیدای شەهیدیی

ئەوە بوو لە ڕۆژی مەشەدا ، زەیدی فەرماندەی یەکەم ، لە پێشی ڕیزەکانەوە، ئاڵای لەشکری بە دەستەوە گرتبوو .. ئەو ئاڵا سپیەی کە پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ لە قەراغی مەدینەدا دای بە دەستیەوە، پێش ئەوەی لەشکر بکەوێتە ڕێ ..

ئەو ڕۆژە لەشکری ڕۆمەکان بە تەواویی زۆری سەند .. فەرمانەدەی خواناسیش پاڵەوانانە ، شێرانە ، مەردانە ، لە بەر دەمیانا وەستا ..

لە هەموو لایەکەوە ڕمی کافری ئاراستە کرا .

زامێك و دوان نەبوون .

هەموو گیانی هەنجن هەنجن کرا ..

ڕمی خرانەان ، لە هەموو لایەکەوە بێ پەروا گۆشتی ئەبڕیی ..

کافر منەتی نەبێ ..

هەزارەها شەهید بن ، نەمامی ئیسلام ، ئینجا زیانر تەشەدار ئەبێ .

شەهیدان بۆ بەهەشت ئەڕۆن .

ئەو جۆرە بلیتەی بەهەشت دەستی هەموو کەسێ ناکەوێ .. پیاوی ئەوێ و دەستی بی گاتێ .. لاشەی زەیدی پاڵەوان ، بە رمی دوژمن کون کون کرا .. هەتا توانای تیا بوو خۆی گرت ، تا نەهێڵێ ئاڵای نەمکر بکەوێتە زەویی، تا ئەوە بوو جەعفەری فەرماندەی دوو م دەستی دایە ئاڵا و لە زەیدی وەر گرت ، بێ ئەوەی بکەوێتە زەویی ..

رەنگ‌زەرد و خەجاڵەت خۆمان ، زوربەی موسلمانانی چەرخەکانی دواوە . نەمامی ئیسلامی ئازیز بە خوێنی کێ ئاو درا و گەشەی کرد و سایە و سێبەری پێ گەیشت ، وە کێ‌یش لە سێبەرەکەیا خەریکی بڕینەوەیەتی ؟!

پلەی بەرزی شەهیدان لە کوێ و رووی رەشی ئایین فرۆشان لە کوێ ؟!

با هەر کاسێ ، کە خۆی بە موسڵمان ئەزانێ ، سەرنجی خۆی بگرێ : بزانێ لە پێناوی ئیسلامەدا ماندووبوونی زۆرە ، یان ئەو خزمەت و پایە دنیایەی کە بە ناوی هەڵگرتنی ئیسلامەوە پێی دراوە ؟

ئەگەر راستگۆ بین و ئەم بەراوردە بکەین ئەوسا ئەزانین چەند رووڕەشی دیوانی خواین !

گوایە ماومانە رووڕەشیی ئەم جیهانە بێت بە سەرمانا؛ دەی با هەر بەو پێیەش بە تەمای قیامەت بین !

هەر چۆن بوو شەهیدان گەیشتنە مەنزڵی راستەقینەیان و پێغەمبەری خوایش ـ صلی الله علیه وسلم ـ ، هەر لەو رۆژەدا ، هەواڵی شەهیدبوونەکەی دا بە موسڵمانەکان ..

ئەوە بوو پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم چووە سەر مینبەر و باسی هەر سێ شەهیدەکەی کرد ،

ئەمەش دوای ئەوەی خوای گەورە مەیدانی جەنگ و رووداوەکانی هێنایە پێش چاوی پێغەمبەر •• بۆی باس کرد کەوا زەید پەڕوانە دەستی داوەتە ئاڵا و شەیتانیش هاتۆتە لای و ژیانی بە لاوە خۆشەویست و مردنی لە لا ناخۆش کردووە و خۆشەویستیی ژیانی دنیای بردۆتە دڵیەوە ، کەچی زەید پێی وتووە : ئا ئێستا ، لە کاتێکا ئیمان لە نێو دڵەکانا جێگیر بوو ، ژیانی دنیام بە لاوە خۆشەویست ئەکەی ؟ جا بەردەو پێشەوە هەڵمەتی دا •• پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ رەحمەت بارانی کرد و فەرمووی داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەن ، بە هەڵمەتەوە چووە بەهەشتەوە •

کاتێ کە جەنگ تەواو بوو و پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ هەواڵی پێ گەیشت خەفەتێکی زۆری خوارد بۆ شەهیدبوونی هەر سێ فەرماندەکەی کە لەوەوپێش خەفەتی وای نەخوارد بوو •• بۆیە سەری دا لە کەس و کاریان بۆ دڵدانەوە و سەرخۆشیی لێکردنیان ••

کە گەیشتە ماڵی زەید کچە بچکۆلەکەی بە پرمەی

گریانەوە خۆی گەیاندە پێغەمبەری خـوا ـ صلی اللـه علیه وسلم ـ هەر وەکو بڵێ : بارکم شەهید بووە و جگە لە تۆ ، کە لە جێگەی بازامانیت، کەسی تر ملك نابەین ••

هەڵوێستی ئەم کچە کاری کردە سەر پێغەمبەری خوا و دەستی کردە گریان بە رادەیەك دەنگی گریان و هەنیسکدانی بەرز بوویەوە • فرمێسك لـە چاوی پیرۆزی بـە خـوڕ رژانـــە خـوارەوە ، بۆ زەیـدی خۆشەویستی • ئەو زەیدەی ساڵەهای سـاڵ لە گەڵیانـا ژیانی ئەدایە سەر •• ئەو زەیدەی کـە نەچۆوە لەگەڵ باوك و مامەیا بۆ لای دایکی و بۆ ناو کـەس وکاری •• ئـ و زەیدەی ئەوەندەی خۆش ئەویست بە یاسای ئـەو کاتە ، تا ئیسلام قەدەغەی نەکرد بوو ، کردیە کــوڕی خۆی •• ئەو زەیدەی کە یەکەم کەس بوو لە بەندەکانا ئیمان بێنێ •

کاتێ ســەعدی کوڕی عوبـادە ئەم گریانەی بـە پێغەمبەری خواوە بینیی ، سەری سڕ ئەما ، بۆیە پرسیی :

ئەمە بچیە ئەی پێغەمبەری خوا ؟!

واتە : ئەم گریانە بۆ ؟

ئەم کارە کەی بۆ تۆی بەڕێز ئەشێت ؟

فەرمووی :

ئەمە گریانی خۆشەویستە بۆ خۆشەویستەکەی •

واتە : زەیدم زۆر خۆش ئەوێ •• جگەرم سووتاوە بۆی •• جێگەکەی لە کرۆکی دڵدا چۆڵ بووە •

خۆزگەم بە زەید •• زەیدی خواپێداو •• ئەوەندە خاوەنی ناوچاوێکی رۆشنە لە سەر زەویدا ئەکەوێتە •الی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلای یەکەم خۆشەویستی خوا •• دوایش ئاچێتەوە بۆ ناو کەس‌وکاری •• ئەوەندە دڵ و نیازەکەی پاکن ئەبێتە خۆشەویستی پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ •• لەو دڵە پاکە فراوانەدا جێی خۆی ئەکاتەوە •

خۆزگەم بە زەید ، وا بووە قوتابیی راستەقینەی قورئان ..

خۆزگەم بە زەید ، وا بووە سەربازی بە وەفا و فەرمانبەری چاونەترس و فیداکاری لەشکری ئیسلام ..

خۆزگەم بە زەید ، وا بووە یەکێ لە شەهیدە نازدارەکانی ئوممەتی ئیسلام و بەهەشتی بەرینی بۆ هەتا هەتایی مسۆگەر کرد ..

خۆزگەم بە زەید و هاوبیرانی زەید ..

لە کۆتاییدا داواکارین خوای گەورە لە سەر رێبازی قورئان لامان نەدا و بە موسڵمانی لە سەر بنێینەوە ..

واخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين .

سەرچاوەکان

پەڕاو	دانەر
١ ـ الاستيعاب	ابن عبدالبر
٢ ـ اسد الغابة	ابن الأثير
٣ ـ الاصابة	ابن حجر العسقلاني
٤ ـ حياة الصحابة	الكاندهلوي
٥ ـ الرسول القائد	خطاب
٦ ـ السيرة النبوية	ابن هشام
٧ ـ صفة الصفوة	ابن الجوزي
٨ ـ صور من حياة الصحابة	الباشا
٩ ـ غزوة أحد	باشميل
١٠ـ غزوة مؤتة	باشميل

ناوەرۆك

لاپەرە	باس
٤	پێشەکەش
٥	پێشەکیی
٧	یاسای تەفائیی
٢٠	بەدیدار شادبوون
٣٠	خۆشەزیستیی راستەقینە
٣٨	دەستدرێژیی نارەوا
٤٧	غیرەتی پێشەوا
٥٣	دەریای فراوان و دەورەی بچکۆلە
٦٧	بڵێسەی ئاگری جەنگ
٧٥	شەیدای شەهیدیی
٨٢	سەرچاوەکان

ئەم نامیلکەیە

کورتە ژیانێکی پاڵەوانێکی ئیسلامە ، کە چۆن لە ڕیزی پیاواندا ـ بە ئازاد و بەندەوە ـ بووە یەکەم ئەڵقەی زنجیرەی شوێن کەوتوانی ئیسلام . تا بۆ هەموو کەسێ دەرکەوێ کە ئیسلام ، ڕێبازی هەردووجیهانی هەموو مرۆڤێکە ، بە بێ جیاوازیی و کەسێ نیە بتوانێ خۆی بکاتە خاوەنی ئیسلام ، بە شێوەیە کە لە ئادەمیەکانی تری دابڕ کات ؟ بەڵکو ڕێبازی خوایە و بۆ تێکڕای مرۆڤایەتیی هاتووە ..

نرخی (٣٥٠) فلسە